کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-11-2007 0:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**سێ ڕوداوی جیاواز لێرەو لەوێ ... قادر نادر**

بەهۆی ئەوەی نیشتمانەکەی ئێمە بەدەست سەرکردە سیاسیەکانمانەوە بۆتە نیشتمانی کارەسات، ئەوا ماوە ماوە بەهێمنی کارەساتێک بەسەر ئەم گەلە تێپەردەبێت، بۆ ئەوەی قسەیەکی جدی و نارەزایەتیەکی بەرفراوانیشی لێ پەیدا ببێت، ئەمەش وادەکات لەئاییندەیەکی نزیک یان دور ئێمەی کورد باجێکی قورسی سیاسی و مرۆیی تر بدەین.



لەم ماوەیەدا 3 ڕوداوی سیاسی لە کوردستان رویدا پێموایە کەمترین نارەزایەتی لێ پەیدا بوو، هەربۆیە بەگرنگم زانی ئەم چەند دێرە بنوسم

1/ دوای تێپەرینی زیاتر لە 4 سال بەسەر روخانی رژێمدا، دەسەلاتدارانی کوردستان بۆگەرانەوەی ناوچە تەعریب کراوەکانی کوردستان کە جگە لە وتنی دروشمدان لەمیدیاکان و چەسپاندنی 2 بەندی دەستوری 58. 140 هیچی تریان پێنەکرا، کە چی سەرباری ئەوە بریاری ئەوەیان داوە ئەوەی بەدەنگی هاوڵاتی کورد بەدەست هاتوە بە بریاری سیاسی کورسیەکانی ئەنجومەنی پارێزگا ی کەرکوک دابەش دەکەن!!!!.

پێم وایە لە هەر ولاتێکی تر هەر پارت و سەرۆکێک، ئەگەر دوای تێپەرینی 4 سال بەسەر داخوازیەکی سەرەکی و مێژوویی گەلەکەی سەرکەوتونەبوایە ئەوا بەلایەنی کەم دەست لەکارکێشانەوەی سیاسی خۆی رادەگەیاند و داوای لێبوردنی لەگەلەکەشی دەکرد، کە چی بەرپرسانی کورد بەم ئاشبەتالەشیان ناوەستن ئەوا ئەوەی خەلک بەدەنگ لەهەلبژاردن بردویەتیەوە دەیکەنە خزمەت بەرژەوەندیەکەسێتی و حزبیەکانیاندا.

دووەم کارەساتی لەوە خۆی بینیەوە کە ئەوەی عەلی حەسەن مەجید نەهاتە سەر تەلەفزیۆن و بڵێت ئێمە ئابلۆقەی ئابوری و راگەیاندن دەخەینە سەر گەرمیان و هێزی پێشمەرگە و خەلکە کەی، بەلکو لە ڕیگای ڕینمایەوە بۆ سوپا فاشستەکەی نارد، ئەوا دەسەلاتی کوردی لەبەرامبەر هەموو میدیاکانی جیهان رایگەیاند ئێمە ئابلۆقەی ئابوری و راگەیاندن دەخەینە سەر قەندیل. ئاخر ئابلۆقە خستنە سەر قەندیل و برسیکردنیان و دواتر هێرشکردنەسەریان، سەرکردەکانی ئەم ولاتە، لای ئێمە هەمان روداوی مێژووی قەلای دمدم و شا عەباس، ئەنفالی گەرمیان و سەدامیان بە بیردێنێتەوە.

سێیەم کارەساتیش هەوڵدانی لایەنەسونیەکان و نوێنەری پلەیەکی کوردە لە بەغدا (جەلال تالەبانی) کە هەولی ئەوە دەدات یەکێک لە جەلادانی ئەنفال لە بریاری سەپاوی دادگا ئازاد بکەن یان ئەوەتا سزاکەی سوک بکەن، دیارە دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان، نوینەرانی کورد لە بەغدا، پارتە کوردستانیەکان سیاسەتی بێدەنگیان هەلبژاردوە کەئەمەش دەچیتە هەمان خانەی تاوانەوە کە دەرهەق بەخەلکی کوردستان ئەنجامدەدرێت.

لەبەرامبەردا لە چەند ڕۆژی رابردو لەهەمان کاتدا، 3 دیاردەی هەرە جوانی سیاسی ولاتانم بینی کە لە سوید دیموکراسیەوە تا دەگاتە سۆمالیاو چادی ئەفەریقیای هەژار و بێدەنگی دیموکراسیدا.

. لەولاتی سوێد سکرتێری سەرۆک وەزیرانی سوێد (ئۆلریکا شونسترۆیم) لەگەل ڕۆژنامەوانێکی کەنالێ 4 سویدی بەهۆی ئەوەی ڕیژەیەکی زۆی ئەلکهۆلی خواردبووە لەیەکێ لە بارەکانی سوێدا ئەوا لە پلەکەی دەرکراو میدیای سوێدیش بەگشتی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژدا کردبۆیە بابەتی ڕۆژەڤی خۆی، وەلە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سۆمالیای دواکەوتو سەرۆک وەزیرانی سۆمالیا (محەمەد جیدی) دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند بەهۆی ئەوەی لەنێو سیستەمی سیاسی ولاتەکەی دز فەرمانرەوایەتی دەکات. بەهەمان شێوەو بەبەرگێکی ترا سەرۆکی پەرلەمانی چاد بە هۆی گەندەلی لە پلەکەی دورخرایەوە، کە چی لە نێشتمانی ئێمەدا، تائێستا دەسەلاتی کوردستان لەبونی ئەو گەندەلیە بەرفراوانەی هەیە نە بەرپرسێک دەداتە دادگا و نە بەر پرسێکیش ئەو کەرامەتەی دەجوڵیت لەبەرامبەر روداوێکی سیاسیدا واز لەکورسیەکەی بهێنی و سەروەریەکی مێژووی بۆ خۆی تۆماربکات.

ئەمە جگەلەوەی ئەگەر ئەوە ئاستی دەسەلاتداران بێت و ئیمڕۆ لە پیناوی دەسەلات و دۆلارا وەک سەرخۆشیکی سیاسی مامەلە بکەن، ئەی هەلوێستی ڕۆشنبیر و و جەماوەر بۆ ئەوەندە لاوازە لەئاست ئەو تاوانانەدا؟؟ تۆ بڵێیێت ئابلۆقەدانی قەندیل و داخستنی بارەگاکانی پارتی جارەسەری و سازشکردن لەگەل جەلادێکی وەک سولڵتان هاشم ئەو هەلوێستە نەهێنی کۆمەلیک واژوی کەسایەتی رۆشنبیری نەتەوەیی و مرۆڤ دۆستی لەنێو نیشتمانا بۆ کۆبکرێتەوە، یان ئەوەتا نارەزایەتیەکی جەماوەری لێ پەیدا بیت.

یان قەیرانی هەلوێستا

2007/11/14

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.